# ئەمرۆژانە دڵێك لە لێدان كەوت،
# كە بەبێ ئەو دەكرا ژیانی بەشەریەت ڕەوەندێكی تری بە خۆوە بگرتایە !

هەموو ڕۆژێك لەگەل بادانی دوگمەی ڕادیوێ و گورینی کەنالی تەلەفزیون و سەتەلایتەكان لە دوتوێی نامەو گوڤارو ڕۆژنامەكاندا كۆمەلیك هەوال و دەنگ و باس سەرنجمان ڕادەكێشن و هەندێكیان ناچارمان دەكات بەوەی جێ پیان هەڵگرین و هەندێكیشیان نیگەران و دل تەنگمان دەكات. بەلام كارەساتێك كە ڕۆژی پینج شەممە كاتژمێر ٣٥،٦ دەقیقە ڕوویدا، زۆری نەبرد بە زمان شكاوی یەوە هەموو ئیمەی هەژاند ! وەك ئەوەی كە سورانەوەی خۆین لە لەشما ڕاوەستابێت هەستم بە تەنگە نەفەسی و ئاست تەنگ بوونی لێدانی ترپەی دڵم دەكرد ، دنیای شیرینی ئەو بۆ ساتە وەختێ تاریكتر بوو لەوەی كە تا ئیستە باسیان كردوەو یان خۆم تیدا بینیبیتەوە ، بۆیە بێ شاردنەوە دەلیم سووی ئەم ڕووداوە من و زوركەسانی تریشی بردە سەر لێواری شەرای مەرگ ، ئەمە هەقیقەتیكی كەم وینەی تاڵە بەلام دەبیت قوبولی بكەین !

سەختە بەشەریەت دەوری سپارتاكوس  لە بیر بكات وەك ڕابەری شوڕشی كویلەكان ، وەك سەختە بەشەریەت ماركس و ئینگلز و لینین فەرامۆش بكات لەوەی كە بۆ بەشەریەت كردیان و لەوەی كە بۆ بەشەریەت بە جێیان هیشت . ژۆبینیش بەتەمەنێكی كورتەوە سەرمایەكی وای بۆ بەجێهشتین كەچووە خانەی ئەوانەی كە لەڕیزی میژووی خەباتی مرۆڤایەتی‌دا بنیاد نەرو كاریگەر بوون ، منصور بزماری خۆی داكوتاو چوار چیوەی شورشێكی بۆ ئیمە خستە سەر پێ خۆی كە بەشەریەت هیچ ڕێگەیەكی تری نی یە جگە لە تەواو كردنی. ئەو دوینی پێی ووتین هەموو پردەكانی پشت سەرمان ڕووخاوەو ڕێگەی گەرانەوەمان نی یە !

بەهیوام ئەگەر نیگەرانی یەك لەوەی كە تائیستە ووتم بەدی بكریت سەرزەنشتم نەكەن ئاخر دنیای بەبی ژۆبین دەكرا ڕەوەندێكی تر بەخۆوە ببینێت، پرسیارێكی گەورەیە تەسەوری بكەن، پاش ڕوخانی بلوی شەرق وهەرس هێنانی دیواری بەرلین وهات وهاواری سەرمایەداری بۆ مەرگی كۆمۆنیزم ، داخۆ كێ بێ بەو جەسارەت وكەفائەتەوە جارێكی تر نەك هەر پەرچەمی كۆمۆنیزم وبەرگری لەكریكاران و زەحمتكیشان مەحكەم ڕابگرێت، بەڵكو حیزبەكەشی بە دەولەمەندترین وئینسانی ترین بەرنامە چەكدار بكات .

بۆیە دەلیم ئاخر نادر ، نارد بوو بۆ بەشەریەتی ئەمرۆ ، ئەو مەرگیشی جیاواز لە گیان لە دەست دانی ئینسانیكی ئازیز بەلام ڕوداو كارەساتێكی سیاسی گەورە بوو بۆ ئینسان، ئاخر ئەو كە چارەكە سەدەیەك قەلەمی، بیری، كردەوەی، دەنگی، ڕەنگی، سەرمایەی هەڵگیرسانی شوڕشكێك بوو كە لە ڕۆژەكانی مەرگیدا ئیران بووەتە بۆركان و هەللچوونی ئەم بوركانە نەك تەنها سمبولی جەهالەت لە گۆر دەنیت، بەلكو شەپۆلی ئەم بوركانە ناوچەیەك بەرو ئایندەیەكی تر دەبات و ژیان تام وچیژیكی تر بەخۆیەوە دەگرێت.

حەیف تۆمان لەگەل نابیت كە لە مەیدانی ئازادی پێكەوە سروودی ئەنتەرناسیونال بلێن، بەلام دلنیام كە تۆ سخرانی یەكەم دەبیت و بە سیما شیرین و چاوە گەشەكانتەوە پلاجكتۆری ملیونەها چاو بە دوای خۆدا ڕادەكیشیت ودەلیت كریكاران زەحمتكیشان ژنان لاوان ستەم دیدەگان هاوری یان ئەم سەركەوتنەمان پیرۆز بیت ... ، بەلام ئیستەش سەرەتای كارمانەو ژیانی بەشەریەت پیویستی بە ئالگور زور زیاترو ریشەی ترە هەیە ... ! بەلی هاوریم دەزانم تا ئەو ڕۆژەش لە پەیامەكانی خۆت بێ بەشمان ناكەیت، وەك چون یەكەمین پەیامت فیركردین كە ئینسان دەتوانیت میژوویەك بۆ خۆی دروست بكات، كە بۆ هەمیشە هەست بەزیندو بوونی بكریت  !

تۆ بە قولترین شیوە بە ماركس و هەلپەساندنی كاری كری گرتەت ئاشانا كردین ، ئەوانەی كە بە میتودلۆژی و قاتعیەتی تۆ ئاشنان دلنیابە ئارەزەوكانت بە دواین مەنزلگا دەگەیەنن ، ئەوان دە و بیست و سەد هەزاران نین، ئەوان بزوتنەوەینەكی كومەلایەتین  و سەدان رابەری ئەمرۆ و ملیونەها ئەندامی پاش مەرگی تۆن ، ئەوان دەمیك سالە وات بارهیناون كە بەبێ خۆشت دەگەنە مەنزل، هەرچەند ئەمە سەخت و دژوایش بیت، بەلام لیٚ گەڕی با میژوو جاریكی تر قسەی خۆی لە تال و شیرینی ئەم راستی یە بكات . ئەگەر چی تۆ لە تەمەنێكی كورتدا سەرمایەكی گەورەت بۆ بەجی هێشتین ، بەلام بەشەریەت بۆ زۆر كاری تر پیویستی پیت بوو .

بەلی هاورێم تۆ بۆ ئیمە تەنها قوتابخانەی فیركردنی مانای ژیان نەبویت ، تۆ رابەرو ریكخەرو رینیشاندەرمانی تۆ....

ژوبین یەك سیاسەتمەدار ، یەك تیۆریزەن ، یەك مەكتەبی فكیری ، یەك بزوتنەوەی كومەلایەتی، یەك پراتیزەن ، یەك متودۆلژی نوێی ماركسیستی، یەك ماركسی مەزنی ئەمرۆ بووی ، ئەو یەك میهربانی لەیاد نەچووی !

ژۆبین ئەو ڕابەریە كە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی بۆ گوڕینی دنیاو خستنە سەرپێی خۆ دەویست، بۆ كۆتای هێنان بە بەربەریەتی ئینسان، بۆ هەلپساردنی مالكیەتی تایبەتی، بۆ بەدیهینانی دنیایەكی بەچین وچەوسانەوە بۆمسۆگەر كردنی دنیایەكی باشتر .

بژی سوسیالیزم

بژی مەنصوری حكمت ڕابەری كۆمۆنیزمی كریكاری

ریبوار عارف

٢٠٠٢ / ٧ / ٧